وەزیری داد لەگەڵ شاندەکی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان تاوتوێی پتەوکردنی پرۆسەی بنیاتنان وپەرەپێدانی پرۆسەی سیاسی دەکات

د.خالید شوانی، وەزیری داد، ئەمڕۆ چوارشەمە، لە نووسینگەی فەرمی خۆی،پێشوازیکرد لە بەڕێز سەلاحەدین محەمەد بەهائەددین سکرتێری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و شاندی یاوەری.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکی وەزارەتی داد لە دیدارەکەدا باس لە گرنگترین پرسەکانی پەیوەست بە حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان و چۆنیەتی باشترکردنی پرۆسەی بنیاتنان و پەرەپێدانی پرۆسەی سیاسی و سیستەمی دیموکراسی فیدراڵی و پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی عێراق بە هەموو پێکهاتەکانییەوە کرا.

لای خۆیانەوە، شاندی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان جەختیان لە هەوڵەکانیان کردەوە بە بەهێزکردنی پێوەندییەکان لە هەموو بوارەکان لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا.